مەزهەری خالقی

# قەقنەسێک
## بەسەر
## ئاویەرەوە




ئاریز

2012

ناوکتێب: قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە
ناوی نوسەر: ئاوێز
پێداچوونەوە: لوقمان رەئوف
تایپ و هەڵەچن: باوان عومەر
نەخشەسازی: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٢ سلێمانی
نرخ: ١٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٩١٦)ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

# قەقنەسێک
## بەسەر ئاویەرەوە

کە کۆچەران خۆیان و رەشماڵەکانیان تاوڵ هەڵدەدەن بۆ بناری چیاو دۆلان و لە دامێنی رەوەزو زەنوێرەکانی کوردستان، بێریان دوور لە دێ بە دەست و پەنجەی پڕ بازن، خەریکی مەڕدۆشینن و لەولاترەوە کیژێکی نەشمیلەی لادێی پوز لە پاوانەی روو وەك سێوی سەردەشت خەریکە تەشی دەرێسێ، رەفیقانی عەزیز دوور لە رەفیقانی خۆیان سەری خۆیان هەڵدەگرن و بە حەسرەتی نەگەڕانەوە بۆ نیشتمان و لای رەفیقان و عەزیزان هەر بەو داخەوە سەردەنێنەوەو پاش دەیان ساڵ لە غوربەتی هێشتا غوربەت و غەریبی چۆکی پێدانەداون و ئەوان شەو رۆژ بە حەسرەتی گەڕانەوە هەر لە خەیاڵی چڕینی "دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەمان، ئەمرۆ یان سبەی" بەلام چاوەڕێی مژدەی ئاسۆن.

کچە رەشتاڵەکانی گەرمیان، بە گوێگرتن لە سازی ئاوازی ساز رۆدەچنە خەیاڵی یارانی بێ سەروشوێن و لە حەسرەتی ئەم دوورییە نەبڕاوەیەو هەمیشە ئەوە دەڵێن لەنێوان وەسلی یارو جەننەت، وەفای یارەکانیان هەلدەبژێرن....

شۆڕشگێڕان هەر بە خەیاڵی ئەو حەماساتانەی کە گوێیان لێ بوە وەکو

ڕەشەبای سلێمانی و سەهۆڵبەندانی سابلاخی؛ تاشەبەردی ئاگری داخ لە دوژمن تابنەوە، مەلانی گەرمیان لە کۆچیان بۆ کوێستان هەر بەئاسمانی شینی کوردستانەوەن.

ئەوکاتەی نەغمەی ئەرێ سەوزەڵێ چاوڕەش، چاوڕەش کە بەختی هەزارانی وەك ئێمەی ڕەشکردوە؛ حاڵی پەشێو کردوین و تەنها داوامان ئەوەبو دوای مردنمان بێتە سەر گۆڕمان یان لەچونی بۆسەرکانی لایەکمان لێبکاتەوە کاتێ بەناز و عیشوەوە کە گۆزەیەکی بەسەرشانەوە بۆکاتی لەنجە دەکات.

کە لایە لایەی ئەم دەنگە ئاسمانیە خوداییەت گوێ لێ دەبێ لایە لایەی دایکێکی میهرەبانە بۆ جگەرگۆشەکەی کاتێ بەدەست و پەنجەی نەرم دەیشێلێ. لایە لایەی دایك بۆمنداڵ و هی خالقی بۆ نیشتیمان کە مەرهەمی دڵی بە پەرۆشە.

کاتێ بە یەکەم دڵۆپەکانی بارانی پایز تەڕدەبیت یەکسەر نەسیمی بەربەیانمان بیردەکەوێتەوە لە پایزێکی سارد و تەزیودا کە بەداخەوە یار چەندە دڵ ڕەقە و هەزارا جار دڵمان دەشکێنێ و بریندار دەکات.

چ سەختە یار لەجیاتی نەسیمی بەهار خۆی بە دڵرەقی پایزەوە بگرێ، بەڵام تۆ دەردی یار لەخۆت بکەی و خوازیاربی یار گوناشی نەژاکێ و پێ بڵێ دەردت لەمن، دەردت لەمن، پێ بڵێ نازدار گیان ... کە هێشتا عیشق و مەیلی ئەم عیشق و ئەوینە دەبێ چ گەورەبێ، وا ئیعتراف بکەی. ئەم نەغمە و گۆرانیانە وامانلێدەکات لەبەرامبەر یاری جەفا کار هێندە میهرەبان بین و هێشتا بڵێین کوا مەیلی پارت...؟

brushes made by
enviro.deviantart.com

کەچی هێشتا بڵێن، ئەی یار بەو چاوە بیمارەت بڵێ گوناه دەکات ئاخر یان دوای دەردم کات یان دەست لە دەردم هەڵگرێ و کاتێ دێم و ئیعتراف دەکەم کە تۆ بووتی و ئەتپەرستم، بەڵام عیبادەت بۆ خوا ناکەم ئەگەرچی جوملەی جەهەننەم بۆم لەکاردابێ. کەچی هێشتا زوڵم و زاڵمێتیت و دڵ ڕەقیت هەر ماوە بەرامبەر من ئەی یار.

دەچمە هاوارگەی هەوران و دەڵێم بیرت دەکەم. بیری تۆ دەکەم. پەرێشانم بملاوێنە. بملاوێنە سەرخۆشم چاوی بیمارم.

کاتێ هاوار دەکات و نەغمەیەك دەڵێ ئەی یار، ئەی یار دووریم لەحەسرەت دیدارت سوتاوە. بەجارێك نە عەقڵ و نە فهم نەماوە. ئاخر من نەماوم تۆش....

ئەم نەغمە مەزنە لە قورگێکی زوڵاڵ وەکو ئاو لەتاڤگەیەکەوە دێتە خوار و دەرژێتە ناو دڵی برینداری عاشقانەوە.

یار گوڵە سنبوڵە کەچی ئاگری بەرداوەتە دڵی من، بە ئەم هەموو مەزنیە چۆن لەناو دڵێکدا جێگامان دەبێتەوە گەر کەسێك ئاواز و گۆرانی یان بەشیعر و سرود بیچڕێ و بگاتە ئێمە.

کێ دەتوانێ وەسفی یار بکات، کە جوانی ئەو لەم وڵاتە بێ نەزیرە، دڵم مورغی سەحرایە و بەداوای تۆگیراوە.

هەرکەسێ قسەی نێودڵی خۆی بەشتێك دەردەبڕێ، یەك بەشیعر و گۆرانی؛ یەك دەیکات مارش و سرود، هی واش هەیە هێواش هێواش لەگەڵ بتڵێکی شەرابی سوری نایاب بەدیار مۆمێکەوە لەداخ یار وەکو قەقنەس بە ئاگری گڕی خۆی دەتوێتەوە.

کێ هەیە، بەو هەموو دەرد و رەنج و ئازارەی ئینسانەکانی ئەم سەر زەمینە بزانێ و بە میهرەبانیەوە بەنەغمەی عاشقانە و مۆسیقای ئارام و شیعری ناسك خەیاڵیان داگیرکات.؟

کێ هەیە هێندە ناسکانە لەیار عاجزبێ و بەبێ دەنگی خۆشیبوێ؟

کێ هەیە بتوانێ لەو گەروە نازدارەوە وەکو بلوێری شوان عشقی نیشتیمان بخاتە رووح و دڵی هەزاران گەنج و خۆشەویستانی نیشتیمان؟

کێ هەیە تەشی رستنی یار و بازیبێریانی پێ پڕ لەبازن و دەنگی پێ بازنگەکانی بیستبێ؟

کێ هەیە بۆ سەدەی رابردوو و داهاتووش وەکو خالقی بخوێنێ و بچریکێنێ و بەردەوام دەنگێك بێ لە گوێی گەورە و بچووك بزێتەوە؟

ئەو نێرگزی بەهارانە و لەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار، دڵی ئەو یەکەم نمەی بارانی بۆنی پاش خاکی سەرەتای پایزانە. ئەو بەفری سپی سەرکەشی چیای ئاشتی و رەمزە خوای کوردستانە؛ ئەو یەکەم هێشووی رەشی ترێی و قەیسی رەزی چڕی ناو زنوێری کوردستانە.

ئەو دەنگە، ئەو روحە خواییەیە، کە هەمیشە جاویدانە ئەو مەزهەری خالقی کوردستانە، قەقنەسێکی سەر ئاویەرە.

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت؛ پوختەی دیدارێکە کە چەند ساڵ پێش ئێستا ئەنجامدراوە، لەبەر گرنگی و بایەخی دیمانەکە هەوڵماندا لەشێوەی نامیلکەیەکدا بیخەینە بەردەستی خوێنەران...

دبێ ئەوەش بڵێم زۆرتر دیدارێکی رۆژنامەوانیە، بەڵام باس

brushes made by
enviro.deviantart.com

لەڕۆڵی هونەرمەند دەکات لەبواری هونەر و مۆسیقای کوردی.
ئەگەرچی هەوڵێکی بچوکی ڕۆژنامەنوسیە، بەڵام خالقی شایەنی زیاتری ناساندن و دیداری درێژتر و قوڵترە، بەڵام لەئێستادا تەنیا ئەمەمان لەدەستهات.

دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم دیدارانە سێ بەشن کە پێکهاتوون لە (عەبدوڵڵا حەسەن زادە((شاهێنی ئانا وازا))، (مەزهەری خالقی ((قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە))، (ناسری ڕەزازی ((گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز))

ئارێز
سلێمانی
2012/10/1

**• مامۆستا به بۆچوونی تۆ مۆزیککاری سەرکەوتوو وباش چۆن دەناسرێتەوە؟**

– هەڵبەت لە دەرەجەی یەکدا، مەسئەلەی نەوعی میلۆدی ئەگەر کلتوری بێت، یاخود دروستکراو بێت، لە بارەی مۆزیکەوە، مۆزیکێک کە بتوانێت ئەو میلۆدییە پەروەردە بکات. مەعنای پەروەردە ئەوەیە، کە بتوانێت لە گەڵ رەسەنایەتی میلۆدییەکە، کە هی هەر گەلو میللەتێکە، ئەو رەسەنایەتیە راگرێت، تێکینەدات. دووهەم مەسەلەی شیعرو کەلامی مۆزیکە، کە ئەوەش یەکەمین کاریگەری هەیە تابتوانێت یەکێک لە هەستەکانی ئینسان تەکمیل بکات، وەکو ئەوەی کە شاعیرێک یان دانەرێک وئەدیبێکی ناسراو و بە هەست بێت.

ئەمانە ئەو شتانەیە کە هەر مرۆڤێک، ئەگەر عەرەب، کورد یاخود فارس بێت، یان ئەمریکی بێت، پێشبینیان ئەوەیە کە مۆزیکی میللەتەکەیان ئەو چەند شتە تیایدا یەک بگرێتەوە.

ئەمە ئەوەیە کە دونیای مۆزیکی ئەمرۆش پێشبینی هەیە کە بیدات بە گوێگر.

**• کورد خاوەنی تایبەتمەندییەکی خۆیەتی لە بواری مۆسیقاو هونەری گۆرانی، یا ئەکرێ بڵێین لە ناو هونەری ناسراوی گەلاندا، هونەری کوردی جیا بکرێتەوەو بناسرێتەوە، بە رەمزو ناناو میتۆدی تایبەت بەخۆی؟**

brushes made by
enviro.deviantart.com

- راستدەکەیت، ئێمە گرفتێکی زۆر زۆر کۆنمان هەیە، لانی کەم پێنج، شەش سەدە لەوەوبەر بە هۆی ئەوەی کە دابەشکراین، لەو دەمەوە تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە، گۆرانی خۆمان لە گەڵ مۆزیکی رۆژدا رێکبخەین، ئێمە لە باری کلتورییەوە، لە باری گۆرانی فۆلکلۆرییەوە، نەتەنیا کەمترنیین لە گەلانی دراوسێمان، بەلکو زۆر زۆر دەولەمەندترین.

بەڵام ئەگەر باسی ئەوە بکەین و بلێین لە باری مۆزیکی رۆژەوە لە چ قۆناغێکداین ؟ بە داخەوە لە باری مۆزیکی رۆژەوە، چونکە مۆزیک زانستە، هونەرێکی وایە کە بتوانێ وەکو زانست دیراسەی بکەیت، ئێمە توانای ئەو دیراسەیەمان نەبووە، کەواتە ئەتوانم بلێم لە باری مۆزیکی هونەری و زانستیەوە، بەداخەوە ئێمە زۆر لە دواوەین.

*** مامۆستا ئەوەی تۆ باست کرد، گۆرانی و هونەری فۆلکلۆری کوردی کە بەشێکی زۆر دەولەمەندی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە کۆبکرێتەوەو بکرێتە بەلگەنامەو دۆکیۆمێنت بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی، ئەوە بەشێکی پرسیارەکەمە. بەشێکی تریشی ئەوەیە، تا چەند لە ئێستادا ئەوە کاری پێدەکرێ ؟ تا چەند هونەرمەندی کورد بایەخ بە ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردی دەدات؟**

- با واقعی بین، با هەر تەنها ئەوە نەبێت کە باشیەکان گەورە

بکەین و یەکسەر جێگەی بگەین‌و نمایشی بکەین. بابێین رەخنەی دروستکەر بینا بکەین، رەخنەی دروستکەر بەرای من ئەوەیە کە ئێمە چۆن نەمانتوانیوە سەروەتی میللیمان لە ژێر خاکو لە کانەکان دەربهێنین و سوودی لێ ببینین، بەهەمان شێوە نەمانتوانیوە سوود لە مۆزیکەکەشمان ببینین، ئەوە هۆی زۆرە :

یەکەم:لەبەرئەوەی داگیرکەرەکانی سەدەی بیست، وەکو داگیرکەری کۆن نەبوون، توانییان مەرزەکانمان بگرن ودایخەن، کە مەرزەکان داخران، پەیوەندی کوردی سوریاو ئێران یا کوردی عێراق‌و تورکیا پەیوەندیان نامێنێ، کە پەیوەندی نەبوو، تەبعەن لەیەک بێ خەبەرن، لەیەک دابران. ئەو لێکدابرانە تەبعەن مۆلەتی نەدا مۆزیکیش مەرزەکان ببرێت، بۆ نمونە لە قامیشلیەوە بروات بۆ سنە، لە سنەوە بروات بۆ دیاربەکر. بۆیە بە داخەوە ئێمە وەکو کورد لێکدابراین، کلتوریشمان لێکدابرا.

کە بەشێک لە کلتورەکەمان، گۆرانی‌و مۆزیک‌و مۆسیقامانە، جا بۆیە ئێمە کە نەمانتوانی دیراسەی مۆسیقی‌و گۆرانیمان بکەین لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا، کەواتە هەروا وەکو گەنجینەیەکی دەست لێنەدراو مایەوە. لە شوێنێکی وەکو تورکیا گۆرانی کوردی بەرەسمی مەمنوع بوو، هەیە لە ناو بازاردا، بەلام وەکو رەسمی گرفتی هەیە. لە سوریا خۆ هەر هیچ. لێرەش تا زەمانی سەدام بوو،

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

دیسان هەر هیچ، لە ئێرانیش ئێستا تارادەیەک گرفتی هەیە. خۆ ئەمە مۆزیکێکە، یا گۆرانیو ئاوازێکە، حەپسکراوە لە چوار چێوەیەکی سنووردارو دیاری کراودا. ئەو چوار چێوەیە تاکو ئێستا بە ئێمە نەبڕاوە، مەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە دوای ڕزگار بوونی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، ئێمە توانیمان بە ئازادی دەستبگرین بە سەر کلتوری نەتەوەییماندا. ئێستا ئێمە لەم ئینستیوتە یەکێک لە ئەرکە گەورەو سەرەکییەکانمان کۆکردنەوەی هەموو ئەو دابو نەریتو کلتورو فەرهەنگی کوردیمان لە مۆزیکەوە بگرە تاکو دابو نەریتو زمانو ئادابو رسومو جلو بەرگو مەعنەویاتمان، مەزهەبو ئاینەکانمانە.

ئێستا من پێموایە، لە سەرانسەر کوردستانی گەورەدا، ئێرە تەنها دەزگایەکە، کە بەس لە سەر کلتوری نەتەوەکە ئەویش بەشێوەیەکی زانستی کار دەکات. ئەگەر سەردانی ئارشیف بکەن، دەبینن کە ئێمە چیمان کردووە، باشترە خۆتان لە نزیکەوە ببینن.

**• مامۆستا ئێستا قسە لە سەر ئەوە دەکرێ، کلتوری وڵاتانی دراوسێ، فەرهەنگی ئەو وڵاتانە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان.لەمنێوەندەشدا، گۆرانیو مۆسیقاو هونەری کوردی، چی بکرێ بۆ ڕێگرتن لەو کارە، دیارە کە مەبەستێکی ئەکتیڤو باشی لە پشتەوە نییە، چی بکرێ بۆ ڕێگرتن**

**لەوانە ؟ چۆن دەکرێ هونەری کوردی یا گۆرانیو مۆزیکی کوردی شان بە شانی ئەوان بچێتە پێش؟**

- ئەمە هەستێکی کۆمەڵایەتییە، مۆزیک شتێکە تۆ ناتوانی پێشی پێبگری، یەکێک کوردە، حەز لە مۆزیکی هیندی دەکات، یاخود لە هەر شوێنێکدا بێت، مومکینە حەز لە گۆرانی مەکسیکی، یان گۆرانی چینی بکات. مۆزیک هەستە، جا بەراستی هەستو ئارەزوو ناتوانی مەرزی بۆ دابنێیت.

تۆ ناتوانی بڵێی مۆزیکی پاپی ئۆروپی، یا مۆزیکی عەرەبی، یا فارسو تورکی نەیەتە ئەم وڵاتە. کەسیش حەزی لێنەکات. ئەمەش گرفت نییە. بۆ نموونە کەسێک لە لەندەن دانیشتووە، دانیشتووی ئەوێیە. حەز لە گۆرانی حەسەن زیرەک یاخود تاهیر تۆفیق بکات، ئەمە گرفت نییە، هیچ میللەتێک حەز کردن لە گۆرانیو هونەر، بۆی گرفت نییە، بەڵام گرفت چییە، بۆ ئێمەی کورد ؟ ئێمە ئەبێت مۆزیکو گۆرانی، وەکو هەست وموڵکێکی نەتەوەیی سەیری بکەین. چۆن زمانەکەمان پاراستووە، ئەبێ مۆزیکەکەشمان بپارێزین. چۆن لە زمانەکەماندا ئەگەر عەرەبیو فارسیو تورکیو ئینگلیزی تیا بێت، خەریکن لە لەهجەکانی تر بدۆزینەوەو بیخەینە جێگەی، زمانی کوردی پەتی بکەینو پاراوی بکەینو پاکی بکەینەوە، مۆزیکەکەیشمان عەینی شتە.

brushes made by
envirO.deviantart.com

یەعنی ئەبێ مۆزیکەکەمان پاک بکەینەوە، لە مۆزیکو کاریگەری، بەتایبەت بەشەکانی داگیرکراو، لە فارسیو تورکیو عەرەبی پاکی بکەینەوە.

ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییمانە، وەکو ئەو ئەرکەی کە ئێستا بۆ زمانەکەمان ئەیکەین.

ئەگەر ئەم کارە نەکەین، زۆر بەئاسانی کلتوری وڵاتانی تر کە تاکو ئێستا بەرگریمان کردووە، لە دنیای ئازادی ئەمرۆدا، زۆر بەئازادی ئەتوانی کلتوری مۆسیقیو کاریگەری مۆسیقی عەرەبیو تورکیو فارسی بەئاسانی بەدەستی خۆمان بهێنینە ناو وڵاتی خۆمان، ئەمە شتێکە، کە بەداخەوە حکومەتی هەرێم یا نایزانێت، یا ئەیزانێتو هیچی بۆ نەکردووە، ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەیە.

من لە چاوپێکەوتنەکانمدا، لە وتارەکانمدا، لە بیرو بروامدا، هەموو ئەم شتانەم داناوە. کە مۆزیکو زمان کاریگەیەکی راستەوخۆی لەسەر نەتەوە هەیە، بۆیە ئەبێ ئێمە مۆزیکی خۆمان، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی بپارێزین.

ئەگەر مۆزیکی خۆمان بپارێزین هیچ مانع نییە، شان بەشان ئەوە، مۆزیکی هەموو گەلانی تریشمان هیچ مەسئەلەیەک نییە.

ئێستا ئێمە خەتەرمان ئەوەیە، کە مۆزیکی ئەجنەبی بیت و، مۆزیکی خۆمان رامالێت.کە تۆ ئەچی لە تورکیا لەوێ بەمۆزیکزانی

تورکیەوە گۆرانی یا میلۆدییەکی کوردی تۆمار دەکەی، راستەوخۆ کاریگەری مۆزیکی تورکی لەسەرە.

که ئەمەت هێنایە ناو وڵات، تەبعەن خۆشیشەو دروستیش لێدراوەو باشیش تۆمار کراوە. وردە وردە جێ ئەکەوێ، کە جێکەوت، ئەوەی خۆتت بیردەچێتەوە.

زۆر بە ئاشکرایی دەڵێم:دوو ساڵ لەمەوبەر وابوو؟ نەخێر. رۆژ بەرۆژ، هەفتە بەهەفتە، ئەبینیت مۆزیکو گۆرانی دروستکراوو تۆمارکراوی غەیری کوردی دێتە ناو وڵاتەوە.

رۆژ بەرۆژیش، فراوانی ئەم مۆزیکە زیاتر ئەبێت، کاریگەریشیی لە سەر خەلکیش زیاتر ئەبێت، بەتاییەت نەوەی نوێ، ئەمە دوو گرفت دروست دەکات.

یەکێ، ئەوە مۆزیکزانە تازەکانیشمان، پەیرەو لەو شتە دەکەن.

دوودەم، ئەوە کە ئەو هەستەی کوردیمان تیا ئەکوژن. بۆیە ئەبێت، هەر لەئێستاوە،ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمە، بەراستی ئەوەی کە باسی هونەرو ئەدەب بێت، ئەبێ بلێین وەزارەتی رۆشنبیری.

وەزارەتی رۆشنبیرییەکە یاساو رێساوئیمکاناتێک دابنێت، بۆئەوەی کە مۆزیکی کوردی نەفەوتێت. ئێستا کە دانیشتووین دەتوانن کتێبەکان سەیر بکەن. ئێمە (500) پێنج سەد میلۆدی

brushes made by
envi-ro.deviantart.com

کوردیمان بەنۆتە، بەتێکست هەیە، لە بازاڕدایە، بڕۆن چێکی بکەن، بزانن چەند کەس ئەم کتێبانەیان کڕیوە ؟ چەند گۆرانیبێژ لەم کتێبانە سوودی بینیوە ؟

عیللەتی دوو شتە :

یەکێ سەوادی مۆزیکی نییە، ناتوانێ مۆزیک بخوێنێت، ناتوانێ مۆزیک ئەرەینج بکات. کوردەکانی خۆمان لێرە، ئەو گرفتەیان هەیە. دووەم گۆرانیبێژی کوردی نۆتە نازانێ بخوێنێتەوە، بۆیە ئێمە ئەبێت :

1. لە باری ستراتیژییەوە، حکومەتی هەرێم وەکو سەروەتی میللی پاڵپشتی مۆزیکی کوردی بکات.

2. ئەوەی کە بتوانێت بۆ دەستپێکردن، دەزگایەک یان گروپێک دابنێت بۆ خێرا تۆمارکردن، بەخێرا دروستکردنی گۆرانی کوردی و سەرمایە بۆدابین بکات بە ( سی دی وکلیپ) بیخاتە دەست خەلکو میدیاکانەوە. تەنها وەزارەتی رۆشنبیرییە کە ئەتوانێت مۆزیکی ئەم شارە کۆنترۆڵ بکات و رێساو یاساو دەستورێکی بۆ دابنێت کە بکەونە دروستکردنی گۆرانیو مۆزیکی رەسەنی کوردی، بەشێوەیەک کە گەنجەکانی ئەمرۆ بتوانن قبولی بکەن، یانی لەباری تەکنیکی لێدانو تۆمارو کۆمپۆزیشنو ئەرەینجمینت کردن، جۆرێک

بێت کە گەنجی ئێمە هەڵیبژێرێت. یان ڕەقابەت بکات لە گەڵ ئەو ئۆرکیستراسیۆنە کە لە دەرەوەی وڵاتکراوە.

ئەبێ ئەمە پلەی یەک دەستپێبکات. پلەی دووهەمیش بۆ دوارۆژ. ئەبێ دەستبگرین بەسەر ئەو کلتورو کەلەپورە هەرە دەولەمەندەی گۆرانیو مۆزیکی خۆمان، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی لە ئارشیفدا بیپارێزێت، و کار بکرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

*** مامۆستا یەکێک لەو شتانەی جەنابت باستکرد، جگە لەوانە نەبوونی ئەکادیمیایەکو زانکۆو پەیمانگایەکی تایبەت بە هونەرو مۆزیکی کوردی تاکو بتوانێ، نەوەیەکی باش پێبگەیەنێ، کە ئەوە لە هەموو دونیادا باوە؟**

– بێگومان، من وتومەو دووبارەشی دەکەمەوە، لە وڵاتە دراوسێکەمان لە ئێراندا، وەزارەتـی هونەرەجوانەکان هەیە، لە بەغداش هەبوو وەختی خۆی.

حەتمەن لە تورکیاش هەیە، لە ئینگلیزیش، لە ئەوروپاش هەیە، وەزارەتی کالچەر هەیە. وەزارەتی کالچەر لە هەموو وڵاتانی دنیا هەیە، مەسئولی پاراستنو پەرەپێدانی فەرهەنگو کلتورو کەلەپوری ئەو وڵاتەیە.

ئێمە بەداخەوە، لە وەختێکەوە ئازاد بووین، هیچ تۆمارکراوێکی ڕێکو پێکمان نییە، لە کلتوری خۆمانە وەکو هەدیە وەزارەت، فلانە

brushes made by
enviro.deviantart.com

میوانی ئەجنەبی دێت بیدەینێ، بڵێین ئەمە مۆزیکی ئێمەیە، ئەمە هەڵپەڕکێی ئێمەیە، ئەمە گۆرانی ئێمەیە، ئەمە جلو بەرگی ئێمەیە، ئەمە داب‌و نەریت‌و ژیانی ئێمەیە.

**• ئەنیستیوت نەیتوانی بەشێک لەم کارانە بکات؟**

–ئەنسیوت NGOەو ناتوانیت کاری وەزارەتخانەیەک بکات بەداخەوە نەدەسەڵات و نە کۆمپانیاو کەسایەتیەکان رۆڵی NGOلەبیناکردنی وڵات نازانن و تا ئێستا ئاورێکی جدیان لە NGOکان نەداوەتەوە.

**• مامۆستا بۆچی کورد هەمیشە شانازی بەرابردووەوە دەکات؟**

**ئەمە لەمەجالی هونەرو گۆرانی کوردیشدا راستە، ئێمە هەمیشە، یان تاکی کوردی هەمیشە باس لەوە دەکات کە جاریکیتر (حەسەن زیرەک)، (حەمەی مامڵێ)،(سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، (مەزهەری خالقی)،(ناسری رەزازی)یەکی تر دروست نابێتەوە؟ ئەمە پەیوەستە بەچی، کە ئێمە نەمانتوانیوە، لەکاتێکدا بەو ئیمکانیاتە کەمەوە، حەسەن زیرەکێک توانیویەتی خزمەتێکی گەورەی هونەرو گۆرانی کوردی بکات، مامڵێ، مەزهەر، ناسر، سەیدعەلی، عەلی مەردان‌و زۆریتر، بەڵام لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستەدا کە لەخزمەتی هونەری گۆرانی کوردیشدایە، نەتوانراوە جاریکیتر چەند رەمزێکی تری وا دروستبکرێ؟**

– حەقیقەت، دیسان دەگەڕێمەوە بۆ وەزعی حکومەتەکەی خۆمان، بەداخەوە شارەزایەکی توانای مۆزیکو کالچەر، هیچ وەخت لەریئاسەتو مودیریەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا نەبووە، کە ئەم کارە بکات.

لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بەرپرسی ئەم کارانەن، کەسانێک ئەو کارەیان تاکو ئێستا کردووە، کە شارەزایی ئەوتۆیان نەبووە، لەبواری مەسئەلەی مۆزیکا. ئەگینا بۆ ناکرێت، ئەکرێت. بەداخەوە ئەمە کەمو کورتی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، دوای حکومەتی سەدام، کە ئێمە ئازادین، وە لەم ئازادییە ئێمە سوودی وامان نەبینی، نەتەنیا لەبارەی کلتوری‌و مۆزیکەوە، لەبارەکانی تردا نەمانکردووە.

باسی ئەم ئیمکاناتە کە ئێمە هەمانە وەختێک لە وەزارەتخانەیەکدا، تۆ نەتوانی پیازو تەماتەی خۆت دابین بکەیت، چۆن دەتوانی لە مۆزیکی خۆت کەمەسئەلەیەکی عیلمی و نەتەوەییە، ئەم دووانە بەیەکەوە بتوانی فیکس بکەیت، بەشتێکی نەوەی نوێ، هەروها نەوەی کۆنی پێ رازی بکەیت، ئێمە نەتەنیا لەبواری مۆزیکدا هیچمان نەکردووە، لەبوارەکانی سودی شیاومان وەرنەگرتووە.

**• مامۆستا ئەو قسەیە راستە کە پێیانوایە، لە ساڵانی حەفتا بەرەو ژوورتریش یەعنی ساڵانی هەشتاکان، هونەری گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی لە ئێستا رەسەنتر بووە، یەعنی بەشکلێکی باشترو**

brushes made by
enviro.deviantart.com

**رەسەنتر بووە، گوێگریشی باشتر بووە ؟ یان ئەوە پەیوەستە بەزەوقی خەڵکیو تاکی کوردییەوە. کە زەوقێکی سەلیمی نییە، لەبواری مۆسیقاو گوێگرتنی لەهونەری رەسەنی کوردیدا؟**

- راستە، راستیەکە ئەوەیە کە کاتێ(هەرباسی کوردستانی عیراق دەکەین) گۆرانی بێژێک وەکو عەلی مەردان، یا (سێوە) ئەمانە نەیاندەتواني، یەعنی تەعەسوبی کوردایەتی وابوو گۆرانی عەرەبی نەئەوت. بەلکو کوردی ئەوت، بەڵام مۆزیکەکەی مومکین بوو مۆزیکی ئیزاعە بێتو نەختێ مەیلەو عەرەبی بروات. وە ئیللا میلۆدییەکە وە دروست خوێندنی وەسیلەی ئەو گۆرانیبێژانە مسوگەر بوو، دوایی ئیزاعەکان هەرکەس کە هەرچی بڵێت، بڵاوی دەکاتەوە. کەسێک نییە، کۆنترۆلی شیعرەکەی بکات، بزانێت ئەمە لە ناحیەی شیعرییەوە ئەرزشی ئەوەی هەیە، لەناحیەي ئەدەبی و فۆلکلۆرییەوە، لەباری مۆزیکەوە، کەسمان نییە، کۆنترۆلی بکات.ئەوە میدیا وا بەدەست ئەو کەسانەوە کە میدیایی نەبوونە، تەجرەبەی میدیایان نییە.

**● یەعنی لە مۆزیک نازانن ؟**

- کە ئەڵێم میدیا، تەنها ئەوە نییە، کلیپەکانیش هەمان شتە، کەسێک نییە، لەوێ بزانێ ئەم کلیپە ئایا بەکامێرای برودکەسینگ گیراوە، یان حەرەکەتی کامێراکە، یا نورەکەی دروستە، ئەوکاتە ئەیخەنە بان سەتەلایتیش بڵاوی ئەکاتەوە، بەناو هونەری کوردی

لەبەر ئەوە گرفتی ئێمە، گرفتی میدیایە، ئیللا ئەو وەختەیش ئەم گۆرانی بێژانە هەبوون، لەگەرەکی ئێوە، ئێمە، لەهەموو شوێنێک دەنگ خۆش‌و گۆرانیبێژ هەبوون، لەناو ئەوانە یان دوانیان ئەیتوانی بڕواتە ناو رادیۆ، بەڵام ئێستا هەر کەسێک ئەتوانێت کامپیوتەرێک لەماڵا دابنێت، گۆرانیەک بڵێت، یابچێتە یەکێ لەتۆمارگاکان، کە تۆماری کرد، هێنایە دەرەوە رادیۆ، تەلەفزیۆن بۆی بڵاودەکەنەوە. میدیایە کارەکەی شێواندووە، ئەگینا هەرکەس دەتوانێ گۆرانی بڵێت، لە پێشیشا گۆرانی بێژی دەنگ خۆشمان هەبووەو مۆزیکژانی باشمان هەبووەو مۆزیکژان و دەنگ خۆشی نەباشیشمان هەبووە.

خەلک هەر گوێی لەباشەکە گرتووە، بەڵام ئێستا لەبەیانییەوە هەتا ئێوارە هەمووشتێکت بۆلێ دەدا، تۆ ناچاری گوێ بگری، جاران ئێمە تەنها دوو سێ سەعات رادیـۆی بەغدامان هەبوو، ئەویش باشترین گۆرانی بۆت لێ دەدا. ئێستا بیست ئیزاعە هەیە لەکوردستانا هەر کامێکی بە کەیفی خۆی ئەیلێ، هەموو ئەیانەوێ دەنگێکی تازە بدۆزنەوە، نازانێ ئەم دەنگە تازە، ئەم شەخسە تازە، بۆ ئەوە نییە، تۆ بڵاوی بکەیتەوە. زیاتر کێشەکە، لەمیدیایە یەکەم، نەبوونی کۆنتڕۆڵ لەوەزارەتی رۆشنبیری یاحکومەت، یا هەر ئۆرگانیزەشێنێک دووهەم میدیا.

brushes made by
enviro.deviantart.com

*** مامۆستا خەڵکانی پسپۆڕیش نییە، لەبواری رەخنەو مۆزیکاو گۆرانی یا تاوەکو بێ دیراسەیەکی باش بکات، کە ئەم گۆرانییە باشە یان خراپە، ئەم بەرهەمەی کەبڵاو بووەوە ئەمە بەرهەمێکی ستانداری نێو دەوڵەتییە یەعنی نییە، روونبکرێتەوە، خەڵکێکمان نییە؟**

- زۆر هەن، تا ئەو رادەیە بزانم من ئاخر کەسم کە رەخنە دەگرم لەمۆزیکو گۆرانی ئەمرۆ، یەعنی هەموو مامۆستاکان لەگەڵ هەرکامیان قسە بکەی ئەوە ئەڵێن، هەمووشیان وتویانەو دیفاعیان کردووە.

بەڵام قەزیەکە ئەوەیە کە بۆچی میدیا هەمووی داپۆشیوە؟

گرفتی تریش هەیە، ئەوەیە کە تۆ لەگەڵ ئەم گۆرانییە نەباشانە کە ئێمە ئەیبیژین (باشنین)، ئەبێ گۆرانی هاوتای ئەوە باشت هەبێ.

کە تۆ رەقابەتت نەکرد، گۆرانی رەسەن ئەوەندەت نەبوو کە رەقابەت بکات لەگەڵ گۆرانی نارەسەن، هەر نارەسەنەکە سەردەکەوێ.

چ دەزگایەک هەیە، ئێوە ناوی دەزگایەکم بۆ بهێنن، رادیۆو تەلەڤزیۆنەکان، یان وەزارەتی رۆشنبیری، لە ساڵێکدا دوو یان یەک سیدی یان (دی ڤی دی) خستبێتە بازارەوە جا بۆیە هیچ شوێنێک نییە، کە گۆرانی رەسەن پاڵپشتی بکات، دروستی بکات، بیخاتە بازار،

بیداته میدیا، ئەمە گرفتی ئەسڵی یە، لێرەوە دەستپێ دەکات.

جا لەبەر ئەوە تۆ ناتوانی مەنعی فلان کەس بکەیت، بڵێیت کاکە تۆبۆ گۆرانی دەڵێیت، کاکە تۆ خراپ دەخوێنی، تۆ خراپ مۆزیک لێ دەدەی، مۆزیکەکەت ناشارەزایە،کە رەخنەت نەبوو ئەوەی وا دێتە بازارەوە، دێت ئیتر چی لێ دەکەی، شتێک نییە، کە تۆ پێی بڵێی رەقابەت، هەقی ئینتیخاب نییە، لەبازاردا هەموو ئەوانەن کە لەدەرەوە دێن، لەقاهیرەو تورکیاوە دێن.

**• مامۆستا ئێوە وەکو کۆمەڵێک هونەرمەندو مۆزیککارو گۆرانیبێژ، بۆچی بەرنامەیەکتان نەداوە بەوەزارەتی رۆشنبیری کە بەم فۆرمە کاری لەسەر بکات. ئەوە خاڵێکیان خاڵی دووهەمیشیان، بۆچی ئێوە کۆمەڵێک مامۆستای گۆرانیو هونەری کوردین، گۆرانیبێژان کۆنابنەوە لەرێکخراوێکی(ئێن جی ئۆ)دا، تاکو بتوانن بەربەو شاڵاوە خراپە بگرن کە لەسەر هونەری کوردی هەیە، تاکو بتوانن رەخنەو رەقابەیەک دروست بکەن لەسەر شتی خراپ، هەم بتوانن داهێنانێکیان هەبێ، و وەزعی هونەرو گۆرانی کوردی باشتر بکەن؟**

– ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە، ئەوە کاری وەزارەتخانەیەکە، کاری ئێمە نییە، (ئینشائەڵڵا بچینە ناو بینای تازەوە) ئەم شوێنە

brushes made by
envirо.deviantart.com

ئەبێتە ناوەندی دیراساتو فەرهەنگو کلتوری کوردی.

کە لەم ناوەندەدا دیراسات هەبێت، هەموو سەرچاوە عیلمیو هونەریو تێکستەکان، ئەبێ کۆکرابێتەوە. ئێمە کارمان ئەوەیە، یەعنی هەموو ئەو سەرچاوانە کۆبکەینەوەو بیان کەین بە ئارشیف.

جا لەبەر ئەوە ئەو کارەی کە ئێوە دەیلێن، کاریکیترەو زۆر گەورەیە، ئەوە کاری دروستکردنە، ئێمە ئەوەی کە وەکو ئارشیف وئالبومی عەلی مەردان، ئەیدەینە دەرەوە هەر ئەوەیە کە لەئارشیفەکەدا بۆخۆمان دروستمان کردووە، تاکو ئەو رادەیەی بزانم بەرلەوەی کە ئێمە بینای ئەم کارە دروست بکەینو ئەم دەزگایە، کۆمەلگاکانیتر هەبوو، لێرە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەیە، سەندیکای هونەرمەندان هەیە، ئەوە بەراستی هەقی ئەوانەیە.

کاری وەزارەتی رۆشنبیرییە، دیراسە بکەنو چارەسەری ئەم گرفتە بکەن. خودی دەولەت ئەبێ بۆ پاراستنی کلتوری میللەتەکەی پلانی هەبێت.

*** مامۆستا ئەگەر بێین لەسەر کارەکانی ئینستیوتی کەلەپوری کورد قسە بکەین، ئەم ئینستیوتە کە لەسالی (2003)وە بەهەولی جەنابت دروستبووە، شتێکی تایبەتە بەخزمەتی هونەری کوردی، ستراتیژیەکی ئینستیوتەکە چییە ؟ تاکو ئێستا توانیویەتی تا چەند**

**لەو ستراتیجیەتە خزمەت بكات و سەركەوێ ؟ كێشەو گرفتەكانی سەر ڕێگەی چین؟**

– خۆتان لەناو ئینستیوتدا گەڕانێک بکەن، بزانن چیمان کردووە، چی دەکەین، خۆتان بینووسن، ئەگەر زۆر بەکورتی بڵێین هەر ئەو جۆرەی کەوتم :کاری ئێمە (کۆکردنەوە– پاراستن – بڵاوکردنەوەی کلتوری کوردی)یە.

ئەبێ بەرلە فەوتانی ئەوانە هەموو سەرچاوەکان وەکو فەرهەنگی گەل یابڵێین ناسنامەی میللەت، هەر میللەتێک ناسنامەی کلتورەکەیەتی. هەموو ئەوانە ئەبێ بەر لەفەوتان کۆبکەینەوە، بەشێوەیەکی عیلمی ڕاییگرین، پاش ئەوە هەم خۆمان هەم خەلک ئیستیفادەی لێبکات.

ئێستا ئێمە، کتێبخانەیەک وئارشیفێکی دەنگو ڕەنگمان هەیە هی گەلەکەمانە، نەتەنها کوردستانی عیراق، کوردستانی گەورە ئێمە کاری لەسەر دەکەین. یەعنی ئێستا ئێمە کارەکانمان، کتێبەکانمان لەتورکیە چاپ دەبێت وە لەوێش بڵاودەبێتەوە، بەشێکیشی دێتەوە ناو هەرێم، عەینی ئەوەمان لەکوردستانی سوریە، ئێران کردووە. یەعنی ئارشیفی نەتەوەیی کورد، بەمەعنای ئینستیوتی کەلەپوری کورد.

- **ڕێگریەکان چین ؟**

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

– کێشەکان چەند شتە، یەک ئەوەی کە بەداخەوە خەڵکی کوردی کوردستانی باشور بڕوای بەمەسەلەی کلتوری نییە(نەماوە)، یا بەهۆی زولم و ستەمی سەدامەوە نەیهێشتووە ئەو کلتورو کالچرەی ئێرە جێ بکەوێ، بۆ ئەم دوو سێ نەوەیەی دواییە، یاخود بەقووڵی نەچۆتە دڵ و دیراسە نەکراوە لەناو میللەتەکەدا. بۆیە وەختێک باسی مەسەلەی کلتوری و کەلەپووری میللەتەکەت دەکەی، وائەزانی باسی هەزار ساڵ دواکەوتوویی دەکەیت. لەکاتێکدا تۆ هەر شوێنێکی عالەم بچیت لەپێشدا ئەتەوێ کەلەپوورو کلتوری ئەو میللەتە بناسێت. ئەگەر بە(چین) ئەڵێن میللەتێکی گەورەیەو بەئێران ئەڵێن میللەتێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی کە کلتورو کەلەپوورو نەتەوەی بەهێزە. بەڵام ئەمریکا ئەوە نییە تەمەنی نزیک(300)سێ سەد ساڵە، لەبەر ئەوە میللەتی ئەمریکا کلتورێکی بەهێزی رەسەن و نەتەوەییان نییە، بەڵام ئێستا باسی (چین) بکەین، یان باسی ژاپۆن بکەین، کلتورێکی چڕو پڕەو تائەمڕۆ رایان گرتووە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لێرە قیمەت بۆ کلتورو کەلەپوورمان نییە، ئەم گرفتە بووە بەهۆی ئەوەی ئێمە یارمەتی باشمان پێنەگات توانیومانە بەکاری باشی خۆمان دای سەپێنین و لەناو بازاڕدا، لێپرسینەوە کراوە، تۆمارگاکان ئەڵێن، ئینستیوتی کەلەپوری کورد گۆرانی کۆنی دیسان زیندوو کردووتەوەو

**● مامۆستا ئێوە بۆ داوای ئەرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە، لە هەر دوو حزبە سیاسیە بەهێزەکە کە**

**ئابووری وڵاتیان بەدەستەوەیە، لەوەزارەتی رۆشنبیری، بودجەیەکی تایبەت بۆ ئێوە تەرخان بکەن، کە ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان نایکەن، ئەوەی یەکێتی هونەرمەندان نایکەن، ئێوە دەیکەن؟**

– بودجەیان بۆ تەرخان کردووین، هەموو ساڵێک یارمەتی لە دەوڵەت وەردەگرین، لەوەدا هیچ گومان نییە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە، کە کارەکان ئەوەندە گەورەیە کە ئەو نەوعە یارمەتییانە کامیلی ناکات. گرفتکە ئەوەیە.

**• مەبەستمان ئەوەیە کە بودجەی زیاترو گەورەترتان بخەنە بەردەست؟**

– داوا ئەکەین، خەبەرێک نییە. بودجەی ئەمرۆمان، بودجەی سێ ساڵ لەمەوبەر، لەکاتێکدا ئەمرۆ ئەزانن گرفتی وڵات چییە ؟ ئەزانن گرفتی ژیان چییە ؟ هەروەها ئەزانن گرفتی موچەو دەرماڵەی خەلکیش چۆنە.

**• رەنگە بۆ ئێوە ئاسانتر بێ، لەرێگای بەرێز مام جەلالو کاک مەسعودەوە ؟**

مەزهەری خالقی : ئەسڵەن ئەوە باس ناکەین، شتێک کە ئەبێ بیکەین، ئەبێ راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتدا تەرەف بین. وەزارەتخانەکان تەرخان کراون بۆ ئەوکارە، بروام وایە، هەر دەزگایەک کاری کرد بروات بۆ لای کاک مەسعود، یاخود مام جەلال.

brushes made by
enviro.deviantart.com

دەوڵەت بۆ ئەوە دانراوە لەهەر شوێنێک، مەسئولان کە بتوانن هەڵسەنگێنن، بزانن ئەو کارە چۆنە ؟ چی کراوەو چی نەکراوە ؟ چی گرنگە. بە ئەقلی من، تەنهاگرنگ ئەوە نییە، کە پالپشتی مادی ئێمە بکەن، ئەم کارەی ئێمە کاری وەزارەتخانەیەکە، یەعنی وەزارەتخانەکە ئەبێ کاری خۆی بکات و ئێمەش کاری خۆمان بکەین.

گرفت ئەوەیە کە تائێستا هەر دەزگایەک کە بەرپرسی ئەم کارەیە، تاکو ئێستا دوو سیدی نەداوەتە دەست ئەم میللەتە. بەلام ئێمە لەم ماوەیەدا (40)چل (CD-DVD)مان بلاوکردۆتەوە.

**● مامۆستا ئینستیوت دوو ئەلبومی تایبەتی تا ئێستا داوەتە دەر، یەکیان ئەوەی هونەرمەند عەلی مەردانەو دووەمیان ئەوەی حەسەن زیرەکە، پێموایە ئەوانە هەریەکەیان بەرگی یەکەمیانەو تەواو بووە، بەرگی دووەمیان ماوە. ئێستاش ئینستیوت خەریکی کارو بەرهەمەکانی جەنابتە، ئەویش پێموابێ بەرگی یەکەمیەتی. بەرگی دووەمی ئەوانە کەی تەواو دەبێت، ئەلبومەکانی داهاتووتر کێن؟**

مەزهەری خالقی : ئێمە ئێستا ئەو شتانەمان والەژێر چاپدایە، (ئایشێ شان)ە(کاوساغا)یە (ئەوەی خۆم، مەزهەری خالقی) بەس دوو سیدی ماوە، ئەبوایە بیان ناردایە بۆ چاپ، دوای ئەوە هی(محەمەدی ماملێ)یە(عارف جەزراوی)یە( دی ڤی دی کۆنسێرتی2005ی ئینستیوتە). ئەمانە ئەبێت لەمانگی شەش دا

تەواو بین. هەروەها ژمارە دووی عەلی مەردان و حەسەن زیرەکیش وا بەدەستەوە (دیارە دوای ئەم دیدارەو سالانی دوایی بەرهەمی ئینستیوت گەیشتوەتە زیاتر لە (40 - 50) ئەلبوم و (CD)و سەدان کتێبی چاپکراو).

**• مامۆستا بەنیاز نین، لەو ماوەیەدا سیمینارێک یان کۆنفراسێکی تایبەت بە کارو چالاکیەکانتان، بۆسەرلەنوێ زیندووکردنەوەی گۆرانیو هونەری کوردی بەئامادەبوونی کۆمەڵێک شارەزای ناوخۆییو دەرەوە، بانگهێشت بکەن، تاوەکو زیاتر قسەو باسی لەسەر بکەن؟**

مەزهەري خالقي :راستە ئەوە شتێکە، هەمیشە گلەییمان لێدەکەن، بەتایبەت خەلک. ئەلێن: روونکردنەوە کەمە بۆ ئێمە، راستیەکەی ئێمە ئەوەندە سەرقالی کارەکانین، کە لەم شتانە سەرمان نەپەرژاوە، ئەوە پێویستە ئەبێ بیکەین وە ئینشائەڵڵا لە داهاتوودا کەنەختێک دەستمان بەتاڵ ئەبێ و ئەم شتانەی کە هەیە بێتەناو بازار، بەتایبەت گۆرانی کرمانجی کە زۆر گرنگە. ئەو گۆرانیانەش شان بەشانی گۆرانی سۆرانی بیان خەینە بازارەوە، ئەو وەختە هەم ئەتوانین ریکلامی بۆبکەین، چونکە ئێستا لەباری داراییەوە ناتوانین ریکلامی بۆبکەین، چونکە مشتەریمان زۆر دەبێت، کە مشتەری زۆر بوو ناتوانین جوابی بدەینەوە.

brushes made by
envirO.deviantart.com

ئالبومەکەی من دوانزە سی دی یە، ئەگەر هەرکامەیان هەزار دانەی لێچاپ بکەین، دەکاتە دوانزە هەزار سیدی، ئێمە وەزعی داراییمان ئەوەندە زۆر نییە، زیاتر لەهەزار ئالبوم سفارش بکەین، ئەگەر پروپاگەندەی بۆ بکەین، لەرۆژێکدا تەواو دەبێت، گرفتی ئێمە ناردنی ئەم سیدیانەیە بۆ چاپ لە ئانکەرە یان تاران، ئەوەیش پرۆسیسێکی زۆر تولانی هەیە، پرۆسیسی مەرزەکان، هێنانی و بردنی، ئەمانە زۆر زۆر گرفتن. ئێمە نازانین ئەوەی لە تورکیە دێتەوە، ئایا پێشی پێ دەگرن، لەپر دەسووتێتو ئەیبەن، دەستمان دەگاتەوە ناگاتەوە، بەداخەوە لێرە دەزگایەک نییە، کە بتوانێت (سی دی)و(دی ڤی دی)چاپ بکات، ئەبێ بینێرین بۆ دەرەوەی وڵات. کە ناردت بۆ دەرەوە، ئەوەندە مەرزەکان موتمەئین نین کە هەموو شتێک بگەرێتەوە، بەتاییەت شتی فەرهەنگی بێت. ئێستا مومکینە کاڵایەک وەکو میوەو ئەو شتانە بەرەحەتی بێتو بروات یان شتگەلی بابەت ئیلکتریک، بەڵام بابەتی فەرهەنگی  ئێمە موشکیلەمان هەیە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان.

**● مامۆستا باسی ئەو ئەلبومەی خۆتت کرد، پێکهاتووە لە (12)دوانزە سیێدی، ئایا سەرجەمی بەرهەمەکانی خۆتە؟**

مەزهەری خالقی :تەقریبەن، شایەت بلێم نەوەد لەسەد (%90). ئەو دە لەسەدەکەی لەچاپگەل بڵاودەبێتەوە.

**• دروستکردنی ئەو ئەلبومانە بەو شکڵەی کە خراوەتە بازارەوە قورسە، جێبەجێکردنی چۆن چۆنییە ؟ واتە جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو سیدییانەی کە لەناو بازاڕدایە ؟**

– ئەو بەرهەمانەی ناو بازار، وە دەیان بەرهەم کەدەیبینن، ئەوە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکو مەجموعەیەکیترە لەموسلەوە بۆمان هاتووە، چەن لەبازاڕدایە؟لەم لاوئەولای برادەران چەن هەیە ؟ هەموو ئەمانە، ئەبێ کۆی بکەینەوە. نازانین چەندی دووبارەیە، چەندی دەنگی باش نییە، یەعنی هەستدەکەم شەش مانگ تول ئەکێشێ، تا ئێمە شتێک بێتە دەستمان، مەسەلەن ئەوەی خۆم یەک ساڵو نیو خەریکی بوون، دەیان سەمپلیان گوێ لێگرتووە، یەکێکیان هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی کە بتوانن پاکی بکەنەوە چونکو ئەم کلینەرانە کە پاکی دەکەنەوە، ئەو داموودەزگایە تا حەدێک دەتوانێ کار بکات سودی ببێت.

**• مامۆستا دوایی دیمەسەر ئەو قسانەی کە بەختیار عەلی لەم کتێبەدا، کەمن سازم کردووە لەگەڵیدا سەبارەت بەجەنابت، بەس پرسیارەکەم ئەوەیە کە تەنها یەک دوو کلیپت هەیە ئەویش لە تەلەفزیۆنەکانی میزۆپۆتامیاو سەتەلایتی کوردستاندا، بۆچی هەوڵت نەداوە بۆ بەرهەمەکانت، چەند کلیپێکی جوان بکەیت؟**

مەزهەری خالقی : ئەوەڵین کلیپم لەساڵی (1986) کردوومە، بە

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

ناوی(ئەگەڕێمەوە)، ئەویش دیسان بە حەزو کاری خۆم کردوومە. بۆ ئەو دەمە باش بوو، دوایین کلیپم لەسالی (2000) لە ئیسپانیا کردوومە، ئەوانەیە کە هەندێکی لێرەو هەندێکی لەمیزۆپۆتامیا، ئەویش هەر خۆم کردوومە.

لە باری ستانداری کارەوەباشن، یەعنی پرۆفیشناڵ کردوویەتی، باقیەکەیشی بەراستی وتم: کە کاری کلیپ هەروا ئاسان نییە، حەزین وکات و دیمەنی زۆری دەوێ، ئەگەر بکرێت ئەوەش لەبیریا هەم، مەجموعەیەکی تریشم هەیە بڵاونەکراونەتەوە کلیپن، هەر لەئیسپانیا مەجموعەیەکی ترم گرتووە.

**• بەنیازی بڵاویان بکەیتەوە؟**

مەزهەری خالقی : ئێستا مونتاژم نەکردوون، پاشان بڵاویان دەکەمەوە، چەند کۆنسێرتێکم هەیە لە ئەلمانیا کردوومن، ئەوەش خراپ نییە وەکو کلیپ.

**• مامۆستا تۆ لەگەڵ ئەوەدا نیت، وەکو هونەرمەند حەقی ئەوەت هەیە کە کلیپێکت بفرۆشیت بەکەناڵەکان، ئەوە لەهەموو دنیادا شتێکی تەبیعیە کاسێتێک، سیدییەک، بەرهەمێکی خۆت، نرخێکی لەسەر دابنێیت، لەبەرامبەر هیلاکو ماندوو بوونت، بیفرۆشیت؟**

- من ئەو تەجروبەیەم نییەو نەم کردووە، بەڵام تەجروبەی ئەوەم هەیە کە ئێمە لێرە وەکو ئینستیوت، مەجموعەیەک فیلمی

دیکۆمێنتاریو ئەم کارانەی کە ئەیبینی لەبازاڕدا، کردوومانە، ناردوومانە بۆ رادیــۆو تەلەفزیۆنەکان، هەتا هەدییەیەکیشیان بەئینستیوت نەداوە.

**● مامۆستا لەم کتێبەدا کە جەنابیشت پێموایە بینیوتە، من سازم کردووەو پێشکەشی (تۆ و کاڵێ)م کردووە، وەکو دوو هونەرمەند، لەبەر ئەوەی کە ئەسلی رۆمانەکە تایبەتە بەکاریگەری مۆسیقا، پێشتریش دیارە بینیوتە.**

**بەختیار عەلی لەو بارەیەوە سەبارەت بەتۆ ئەڵێ :مەزهەر ئوستادیکی گەورەیە، سیمبولی گۆرانی کوردی یە. تۆ پێت وایە ئەم بۆچوونە تا چەند راستە؟ پێتوایە ئوستاد بوون چۆنە ؟ یەعنی چۆن خەڵکێک دەبێ بە ئوستادی هونەری کوردی؟**

مەزهەری خالقی :ئەلبەتە لوتفی کــردووە، مۆزیک هەستە، ئیحساسە، هەرکەسەو بۆخۆی مەعبودی خۆی هەیە، خۆشەویستی خۆی هەیە. ئایا ئوستاد بێت یان نەبێت. ئایا کورد بێت یا تورک یان عەجەم.

جا لەبەر ئەوە لام غەریب نییە، کە یەکێ وەکو کاک بەختیار بەو هەموو هەستە جوانەوە هەندێ لەهەستەکانی خۆی لەدەنگی مندا ببینێ.

مەسەلەن من بۆخۆم لەکاتی خۆیدا، لەتەمەنی دە ساڵییەوە

brushes made by enviro.deviantart.com

بەینی دە ویانزە مامۆستام هەبووە، دوای ئەوەی کە مەقاماتیان فێرکردووم‌و دوای ئەوە باوکی ئەم کامکارانە، حەسەن کامکار، مامۆستام بووە، دوای ئەوەش من گۆرانییەکانی مەهابادی لە ماملێ‌و خەلیل سدیقی یەوە، وەکو مامۆستا فێربووم و تەمرین‌و تەماروسم کردووە، غەیری ئەوە من خۆم نۆتە ئەزانم، مۆزیکم خوێندووە، سالەهایە، نزیکەی (هەژدە ساڵ)، من لەگەڵ گەورەترین مامۆستاگەل (کوردو فارس) کارم کردووە.

وە تەلەبەگەریم کردووە، لەمەقاماتی کوردی، مەقاماتی فارسی، میلۆدی هەموو زاراوە کوردییەکان، مومارەسەم هەیە لە هەموو ئەوانەدا، لەبەرئەوەیە کە ئەوکارانەی کردوومە، حدودەن شتێکەکە هەر موزیکزانێک لەهەر لایەکی دنیا گوێی لێ بگرێ، لەباری فەنی‌و عیلمی یەوە قبولیەتی، ئەوە مەوزوعەکەیە.

ئێستا من زۆر گۆرانیم هەیە، کە بڵاوم نەکردۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەزانم کەم‌و کەسری هەیە، لەئەمریکا تۆمارم کردووە، لەئینگلیز تۆمارم کردووە، بەدلم نەبووە بڵاوی ناکەمەوە. چونکە ئەزانم، لێرەش بۆمن زۆر بەسیتە، چوار مۆزیسیان بێن لەستۆدیۆیەکدا دایان بنێم، بلێم: من ئەخوێنم تۆش جوابم بدەرەوە. بەڵام ستانداری کاری من ئەوە نییە، من ئەزانم ئێستاش ئەگەرهەروا بەئیعتیادی گۆرانی بلێم، بەبێ هیچ مۆزیک خەلک حەزی لێ دەکەن، مەجموعەیەک حەزی لێ

دەکەن. بەڵام کاری من ئەوە نییە، تەجروبەو مومارەسە، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینسان لەشتێکا شارەزا بێت.

**• ئەتوانی پێم بڵێی بەدرێژایی ژیانی هونەری خۆت، باشترین گۆرانی یان جوانترین گۆرانی کە خۆت کاریگەری لەسەرت هەبێ، یان بەباشترین بەرهەمی خۆتی بزانی کامەیە؟**

مەزهەری خالقی :وەڵڵا سەختە، ئەوە لەهیچ گۆرانی بێژێک مەپرسن. ئەزانی بۆ، بەتایبەت من، چونکە من هەر گۆرانییەک کە هەلمبژاردبێ، لەگەڵ شیعرەکەدا تێکەڵ بووبێت، تا ئەوپەڕی هەستمی نەگرتبێتەوە نەم گوتووە. یەعنی ئەو پەڕی بروا بەشیعرەکەی و بەمۆزیکەکەی، جا لەبەر ئەوە بەراستی، هەر کامێکیشی بەدلم نەبووە ئیجازەم نەداوە بڵاوبێتەوە. نەمویستووە بڵاوببێتەوە، زۆرم هەیە کە نەمویستووە بڵاو ببێتەوە، گۆراني ئەتوانی بیکەیت بەچەند بەشەوە، بڵێی لەئەوانەیە تۆریکسترا ئەلێی گەورەو خوێندراوە، بەسەمفۆنیکانەوە خوێندراوە، ئەوانەی کەئۆریکسترای بچوکە وەئۆریکسترای گەورەوە، ئەگەر وا دابەش بکەیت، ئەتوانم بڵێم ئەوە باشترە لەوە، ئەمە باشترە لەمە.

بەڵام ئەگەر بڵێی کامێ، هەموویم لەبانِ ئیحساسی خۆمەوە خوێندووە، هەر کام بیرەوەرییەکم هەیە لەگەلی، ئەوەی کە زەمانی گەنجیم بووبێ، ئەوەی کە زەمانی ئاوارە گەریم بووبێ، هەرکام

brushes made by
enviro.deviantart.com

لەوانە بیرەوەری خۆی هەیەو خۆشەویستی خۆی هەیە.

**# مامۆستا ئەگەر کەسێک تۆ زۆر موعجیب بووبی بەدەنگی، یان دەنگیت زۆر پێ خۆش بووبێ لەناو هونەری گۆرانی کوردیدا، کێ یە؟**

مەزهەری خالقی :بەخوا ئەوە سەختە بپرسی لەمن، لەبەر ئەوە ئەترسم ئینسانی تر رەخنەمان لێبگرن، زۆربەی گۆرانیبێژەکان، حەز لەدەنگیان دەکەم. بەدەلیلێ دروست دەخوێنێ، وەکو مامۆستا عەلی مەردان، یا مەسەلەن وەکو سێوە کارەکانی باشە، بەڵام ئەوەی کە وەکو هەڵیبژێرم و بڵێم ئەمە ئەخەمە پێشەوە، من حەسەن جەزراویم لابەرزە.

**ئەنوەر حسێن :مامۆستا بیری تاران ناکەیت؟**

مەزهەری خالقی :بیری کوردستان ئەکەم، تاران وەکو ئەنکەرەو ئەستەمبوڵە کە بەس زمانەکەی ئەزانم، بیری کوردستان ئەکەم. بەقەد شاخی ئاویەر بیری کوردستان ئەکەم.

**# چ بیرەوەرییەکی تایبەتت هەیە لەگەڵ شاری سنە؟**

– لەسنە لەدایک بووم، لەوێ ژیاوم، لەوێ پەروەردەبووم، لەوێ بووم بەشت. هەستو نەستم لەوێیە، یەکێ لەقەدیمترین شارەکانی کوردستانە، کۆڵانەکانی گشتی ئەناسم، ئەمناسن. چەند ئەوان

تامەزرۆی منن، منیش ئەوەندە. (لێرەدا هونەرمەند دڵی پڕبووە لەگریان).

**ئەنوەر حسێن :ویستووتە تاکو ئێستا گۆرانیەک بۆ سنە بڵێیت؟**

مەزهەری خالقی :ئەم ئالبوومەم کە دەردەچێت، پێشکەشم کردووە بەشاری سنە. چونکە هەموو شتێکم بۆشاری سنەیە، من گۆرانییەکی تایبەتم بۆ دانەناوە بەڵام هەموو گۆرانییەکانم، نەشئەتی گرتووە لەسنە. هەستونەستم سنەیە.

تۆیش خەلکی سلێمانیت، ئەگەر لە سلێمانی دوور بیت، بیری سلێمانی دەکەیت، عەینی مەوزوعی منە.

*** مامۆستا دوایین هیوایەتت چی یە لەژیاندا؟**

مەزهەری خالقی :خۆزگە تا دواسات، بمتوانیایە گۆرانیم بوتایە بۆ کوردستان، بۆ دلی خۆم، بۆخۆشەویستان، بۆ ئەو خەلکەی کە موشتاقن، بە ئازادی لە کوردستان بوومایە، کوردستانی سوریا، کوردستانی ئێران، تورکیا، بەئازادی لە کوردستان لەناو گەلەکەمدا بم، لەناو ئەوانەی کە تامەزرۆن بم ببینن، لەگەڵیان بم، چونکە ئەمە ئەبێ بزانن، هونەرمەند گەورەترین سەروەتی عالەمو کائیناتی هەیە، چونکە بەهەزاران کەس ئەو خۆشەویستییە کە بۆ هونەرمەندیش هەیە، بەس بۆ باوکو دایکی مومکینە هەی بێ.

ئەو خۆشەویستیە بۆ هونەرمەند گەورەترین سەروەتە. من خۆم

brushes made by
enviro.deviantart.com

بەگەورەترین دەوڵەمەندی کورد دەزانم، هەرکوێ لەکوردستان برۆم هی منە، دەست بۆ هەرچی شتێ بەرم لە کوردستان هی منە. هەموو شوێنێکی کوردستان ماڵی منی، هەموو ماڵێکی کورد ماڵی منە. ئەمە ئەو سەروەتەیە کە من هەمە. ئەوەیە کە پێیەوە ئەژیم.

**• مامۆستا تۆ ئەزانی کە خۆشەویستیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان، لە هەموو پارچەکان بۆ تۆ هەیە؟**

– ئا.. ئا.. ئەوە ئەڵێم، منیش ئەوە ئەڵێم. وەختێک تێگەیشتم کە چومە هەندەران. چومە ئەمریکا کوردەکان لە هەموو پارچەکانەوە، لەهەموو شارەکانی ئەوروپا، لەهەموو شارەکانەوە کەمتر کەس بوو، هەتامناڵی تازە چووە مەکتەب ئەوانە ئیحساسیان هەیە، ئەم مەسئەلە ئەوەیە کە گەورەترین سەروەتە، ئێستا لێرە لەسلێمانی لەهەر کوێ لە کوردستان هەرچی بێت، ئەیکەن بۆم. هەرچەندە تەوەقوعێکی غەیرعادیم نییە. هەر تەوەقوعێکم بێت بۆمی دەکەن. ئێستا ئەمەی کە ئینستیوت سەرکەوتووە، هەموو دەستی خۆشەویستەکانی منە، بەرگی ئەوسیدییانە، برادەرێکم لەدوبەی بۆی ناردوم. جا لەبەر ئەوە، ئەو مەرز برینە کە بۆ ئینستیوت کراوە، ئەو خۆشەویستیەیە کە بەرامبەر بەمن بووە. یارمەتیو پاڵپشتی ئینستیوتە بۆکارەکان.

**•مامۆستا گۆرانییەکی تایبەتت بۆ کچێک وتووە، خۆشت ویستبێ، لەسەردەمی گەنجێتیدا؟**

– ئا... تەبعەن، زۆربەی گۆرانییە خۆشەویستییەکان، زۆربەی بۆ خۆشەویستی خۆم وتوون. یا ئارەزووی بووە کەوا بێت، مەسەلەن.(لەژێر رەشمالی خێڵان) من لەوێ دۆستەکەم یان خۆشەویستەکەم لەوێ نەبووە، بەڵام ئەو دیمەنە ئەو هەستە کە لەناو خێڵەکان هەیە، لەژێر ئەو چادرە هەیە، ئەوە ئەو هەستە منی والێکردووە، کە بتوانم عەشقم هەبێ بۆ مەوزوعەکە، کە لەشیعرەکەدا هاتووە، هەمووی بەعیشقو خۆشەویستییەوە بووە، هەندێکیشی تەبعەن تایبەتە بەشەخسی خۆم. ئەوە تەبیعییە بۆ هەموو کەس، بۆ هەموو شاعیرێک، بۆ هەموو رەسامێک.

**● مامۆستا ئەکرێ باسێکی کورت، لەسەردەمی بیرەوەرییەکانی منالی خۆت لەئێران وە ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایە مامۆستا کاتی خۆی لەتاران عەشقێکی هەبووە، عاشق بووە لەگەڵ کچێکدا، یان بیرەوەرییەکانی منالی تۆ؟**

– وەڵڵا وتم: ئەوانە شتی تایبەتین، شایەت لەبیرەوەرییەکانمدا بیاننووسم، هەر کەسێ بەشی خۆی هەبووە، منیش وەکو گەنجێک، وەک لاوێک تەبیعیە. ئەوە لەبیرەوەرییەکانمدا دەینووسم.

**● حەز دەکەی سروودێکی تایبەت بۆ کورد بڵێی؟**

مەزهەری خالقی :راستی، سرودم وتووە، یەکێک لەوانە (ئەگەر ڕێمەوە) ئەمە لەکاتێکدا وتوومە کە لەهەشتاو هەشتا لەوپەڕی

brushes made by
envi ro.deviantart.com

نائومێدیدا بوو کە من ئومێدم پێی داوە. دیسان (قاسپە قاسپی کەو دێت) ئەو شیعرە بەرزە، زۆر عەزیم‌و پڕ تەوژمە. شیعری (گۆران)ە، مەسەلەن ئەوەشم وتووە.

گۆرانی ترم وتووە، خۆ بڵاوم نەکردۆتەوە، (کوردستانی جوان) کلیپەکەیشی هەیە، بەدەلیلێک بڵاوم نەکردۆتەوە، غەیری ئەوەش دەیانی ترم لەئێراندا وتووە. (دەرەبەگ‌و جوتیار)، (ئازادی کورد)، هەیە لەناو سیدییەکاندا، ئینشائەڵڵا ئەگاتە دەستتان دەیان گۆرانی نیشتمانیم وتووە.

*** مامۆستا لە تەمەنی کارکردندا، ئینتیمایەکی سیاسیت بۆ گروهێکی سیاسی هەبووە؟**

مەزهەری خالقی : ئەوەش ئەبێ لەبیرەوەرییەکانم بینوسم، بەڵا من هەر لەمنالییەوە لەگەڵ گۆرانی وتندا حزبی بوومە، هەر لەتەمەن (10)و(11)سالیم کە نەم دەزانی ئەفکارو ئایدۆلۆژی وئەو شتانە چییە ؟ لەناو حزبدا بوومە، تاکو سالی (1963) حزبایەتیم کردووە.

*** حزبی کوردی یان فارسی؟**

– کوردی‌و فارسی.

*** پەیوەندی جەنابت لەگەڵ (موجاهیدینی خەڵق)؟**

مەزهەری خالقی :ئەسلەن، نەبووە، من هەقیقەت تا لەسنە بووم، لەکاتی خۆیدا ئەندامی حزبی جەوانانی توودە بووم، دوای ئەوە ئێمە یان گرت‌و سوێندیان داین لەحزبی توودە نەمێنین، دوایی

بووم بەموسەددەقی ئەو وەختە مەسەلەی ئازادی میللەتی ئێران، بەمانا ئازادی موسەدەق بوو، دوای ئەوە دیسان ئێمە یان گرتو ئیتر کوردایەتیم کردوە، یەعنی لە (1959) کە چوومەتە زانکۆ، لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندیم هەبوو، کوردی ئەم دیو وئەو دیو، کوردایەتیمان کردووە.

**● مامۆستا ساڵی چەند چوویتە دەرەوە ؟ هەندەران چی بەتۆبەخشی، چی لێ سەندیتەوە؟ بەنیازی بەیەکجاری لێرە بمێنیتەوە ؟**

مەزهەری خالقی :(1983)من ناچار بووم بچم بۆ دەرەوە.

یەعنی نەجێگەی من بوو وەکو روناکبیرێک نەجێگەی من بوو، وەکو هونەرمەندێک، نەجێگەی من بوو، بۆ ئەوەی کە ئیستیعدادو شارەزاییەکم هەبوو لەبواری رادیۆو تەلەفزیۆن‌و میدیا بەکاری بەرم لەبەر ئەوە لەوێ جێگەیەکم نەبوو، ئەوەبوو کە چووم بۆ دەرەوە. دەرەوە تەبعەن تەجروبەیەکی باشی بەمن دا، تەجروبەکەش ئەوە بوو کەمن لە دەرەوە خۆمم زیاتر ناسییەوە، وەکو کورد، لەبەر ئەوە لەوێ ئازاد بووین هەموو کوردەکانی ناوچەو دنیامان دیت. تێکەڵ بوون لە گەڵ کوردەکانی شارەکان‌و وڵاتەکانی تر، تەجروبەی دا بەمن کە بزانم کورد کەلچەری کورد، فەرهەنگی کورد رادەی خوێندەواری‌و شارستانیەتی کورد، توانایی کورد، چ بیری بکەم پێویستیەکان‌و نیازەکانمان، سەروەتەکانمان، چ سەروەتی ئینسانی‌و

brushes made by
envIro.deviantart.com

چ سەروەتی وڵات، وەکو وڵات. هەموو ئەوانە ئەوشتە هەرە موهیممانە بوو کە لەدەرەوە توانیم ببیینم و بیدۆزمەوە.

*** مامۆستا هەمیشە باس لەوە دەکرێ کە جەنابت حەزت لەدەرکەوتن و میدیاو ناوخەڵک نییە، تەنیا حەزت لەگۆشەگیری و تەنهایی و دەرنەکەوتنە بۆچی؟**

مەزهەری خالقی :راستی وەکو دەرنەکەوتن نا، لەگەڵ ئەوەدانیم، نازانم بڵێم چی ؟ شایەت شتێکی خێزانی عائلی بێت، نەفسی بێت، حەز دەکەم ئەوەی کە ئەیکەم ئەگەر ئەرکی شانمە، ئەگەر وەزیفەی میللی و نەتەوەییمە، ئەگەر ئەرکی ئینسانیمە بیکەم، ئەمە شتێکە، وەکو ئەرکێکی سەرشانی هەر نەتەوەو هەر مرۆڤێک، ئەوەیە کە ئەوەی پێی راسپێردراوە بیکات، ئیتر دەرخستنی پێ ناوێت. ئەمە یەک، دوو هەمیش لەوە ترساوم، سوودی هەڵەم لێوەرگرن و زیانبەخش بێت بۆ کەسایەتیم.

بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کەمنیان خۆش ئەوێت وەکو خوێن و هەست و دڵ و مێشکم زاخاو دەکەن من خزمەتی هونەری رەسەنی گەلەکەم کردوە و هەر خۆشەویستی و پێزانینێک ئەوپەری پاداشتە بۆ من، با ئەوەش بڵێم من رێزم هەیە بۆ ئەو هەموو کەسانە بەبێ جیاوازی فکری و ئایینی و کەسایەتیان، ئەم بۆچونەم کاتێک پتەوتر بوو کە حکومەت لەسالی (1958)لە مزگەوتی جومعەی شاری سنە سوێندیان داین کە حزبایەتی نەکەین و دوایی قەناعەتم بەوە پەیدا کرد

ناتوانم خۆم ببەستم بە توێژو کۆمەڵێک و هەروەها حورمەتی ئەو ڕێزو خۆشەویستیەی گەل بپارێزم لەهەموو هەلسوکەوتەکانمدا..

**# مامۆستا لەبنەماڵەکەی ئێوە، تەنها تۆ هونەرمەند دەرچووی ؟ یان خەڵکیتر هەبوو کاریگەری لەسەر خێزانەکەت دروستکردبێ؟**

مەزهەری خالقی :بنەمالەکەم، هەم دایکی هەم باوکی دەنگخۆش بوون بەراستی، بەڵام باوکم مەلا بوو، تەبعەن نەیدەتوانی، گۆرانی بلێت نەبوو، بنەمالەی دایکم ئەردەڵانییەکانن ئەوانیش لە گەورە گەلی کوردستان بوون عەیب بوو گۆرانی بڵێن. ئەگینا خاڵم زۆر لەمن دەنگی باشترە مەرحومی باوکم زۆر دەنگی لەمن باشتر، پورەکانم دەنگیان خۆشە، بەڵام من لەبەر ئەوەی بچووکتر لەهەموویان بووم هەموویان پاڵپشتی منیان کرد، کە ئەو پرۆسەیە بشکێنم. لەبەر ئەوەی کەمناڵ بووم ئەیان وت : بیبەن با لەرادیۆ بخوێنێ قەیناکا بابلێن کوری شێخ جەلالە، بابلێین نەوەی .... خانی والی کوردستانە.

گرفت نەبوو، کە وردە وردە گەورەبووم، ئێتر بوومە ئەوەی کە گۆرانی بلێم، بەڵام بەداخەوە کورەکەم دەنگی خۆش نییە.

**# هەوڵت داوە لەگەڵ کورەکەتدا، بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەند ؟**

مەزهەری خالقی : بەڵێ، کاتێک لە مەکتەب بوو ئەندامی باندی موزیکی مەکتەبەکەیان بوو هەلبەتە لەوێ بەئینگلیزی گۆرانیان ئەوت. گیتاریش لێ ئەدات، بەڵام دەنگ خۆش نییە.

**# هاوسەرەکەت هیچ ئارەزوویەکی هەیە بۆ گۆرانی؟**

brushes made by
enviro.deviantart.com
brushes made by
enviro.deviantart.com

- ئەویش حەز بەگۆرانی دەکات، بەڵام نەبۆ وتن.

**# مامۆستا دواین پرسیاری من ئەوەیە، بەداوای لێبوردنیشەوە، (خوانەخواستە، ئەگەر مردیت) دەتەوێت لەکوێ بنێژرێیت؟ لەکوردستاندا لە چ پارچەیەک لە چ شوێنێک؟**

مەزهەری خالقی : هەموو کەس ئەڵێن بمانبەنەوە شارەکەی خۆمان، ئەوە تۆفیق بەگ بوو وتی:بردیانەوە لەزێوێ، ئەوە پیرەمێرد بوو وتی: بمبەن لەگەلی مامەیارە بم نێژن، ئەوەش تەبیعیە منیش حەز دەکەم بمبەنەوە سنە( دیسان مامۆستا چاوی پڕبوو لە فرمێسک).

**# مامۆستا هیواداریین تەمەن درێژبی، ئەگەر قسەیەکت مابێ؟**

- سوپاس.

brushes made by
envirro.deviantart.com